وەزارەتی دەرەوەی عێراق بەردوامانی ئیسرائیلی بە سەر بارەگاکانی لیژنەی قەتەر بە ئاوەدانکردنەوەی غەززە شەرمەزار دەکات



وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە توندترین شێوە بەردوامانی داگیرکەری ئیسرائیلی بە سەر بارەگاکانی لیژنەی قەتەر بە ئاوەدانکردنەوەی غەززە شەرمەزار دەکات.

ئەحمەد ئەلسەحاف، وتەبێژی وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند" وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە توندترین شێوە ئیدانەی بەردەوامی پێشێلکردنی سیستماتیکی دەسەڵاتی داگیرکەری ئیسرائیل دەکات بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و تاوانەکانی بەرامبەر بە هاووڵاتیانی فەڵەستینی وهێرش دووبارە و ئاشکراکانی بە سەر باڵەخانە و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، کەدواییەیان بەردومانکردنی ئەمەی بارەگای لیژنەی قەتەری بە ئاوەدانکردنەوەی غەززە بووە، بەبێ گوێدانە داواکارییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پێویستی ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم شەڕە شێانگەزە لەسەر کەرتی غەززە.

هەروەها وتی" وەزارەتی دەرەوە هاودەنگیی حکومەت و گەلی عێراق لەگەڵ خەڵکی غەززە دووپات دەکاتەوە، داواش دەکەین کۆتایی بەو هێرشە دوژمنکارانە بهێنرێت بە سەر خەڵکی سڤیل، کە پێشێلکارییەکی جددیە لە بەگەکانی یاسای نێودەوڵەتی و مرۆیی، ئاماژە بەوەش دەکات کە "وەزارەتی دەرەوە دووبارە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە بە ئەوەی

بەرپرسیارەتی خەیان لە ئەستە بگرن و کەتایی بەو پەشەلکاریانە بهێنن کە بە وێنە و کاریگەرییە وەرانکەرەکانی، سنووری وەسفکردنی تێپەڕاندووە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لە هەوەستی پابەندبوون بە مافی گەلی فەلەستینەوە بە مافی چارەی خۆنووسین، جارەکی دیکە پشتیوانی و پشتگیری خۆمان بە ئەو هەوڵانە دەردەبڕین کە ئامانج لێی وەستاندنی ئەو پەشەلکارییانەیە، بە پێی ئامانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.